E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

هەرێمی کوردستـانی عیـراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وە زارەتی فێرکردنی بالاو لێکۆلینەوی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سه لاحه ددین

کۆلیژی هونـەرە جوانەکان. هەولێر

بەشی موزیك

IRAQI KURDISTAN REGION-MINISTERIAL COUNCIL - MINISTRY OF HIGHER EDUCATION AND SCIENTIFIC RESEARCH

UNIVESITY OF SALAHADDIN - COLLEGE OF FINE ARTS – ARBIL

DEPARTMENT OF MUSIC

# هارمۆنی

## بۆ پۆلی

## سێیەم و چوارەم ی کۆلێژی هونەرە جوانەکان

ئامادە و نوسینی

**م. ی. هیوا طلعت عارف**

**پسپۆر لە بواری موزیك نوسین Composition**

**مامۆستای بابەت – سەرۆك بەشی موزیك**

**هەولێر / ٢٠١٤ ـ ٢٠١٥**

**تێبینی:**

**زۆر گیرینگە کە مامۆستای بابەت نمونەی زۆر و جیاواز لە ژوری پۆل لەگەڵ قوتابیان جێ بەجێ بکات و ئەو پرسیارانە کە لە لایان قوتابیەکان دەکرێت، دەبێت ووەڵام بدرێت و شیبکرێتەوە بە نموونە.( بەکارهێنانی ئامێری پیانۆ گیرینگە)**

**راهێنانی زۆر لە سکێلە جیاوازەکان بدرێتە قوتابیان لەناو پۆل و لەماڵەوەش جێ بەجێی بکەن و لەلایان مامۆستای بابەت کۆنترۆڵ بکرێت و لەناو پۆلیش شی بکرێتەوە بە ئامێری پیانۆ بژەنرێت و کێشەکان رون بکرین و چارەسەر بکرێن.**

E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

# (Classic Harmony)

# کلاسیك هارمونی 1

- نوسینی هارمونی بۆ دەنگێکی میلۆدی لە سۆپرانۆ
- ئەکۆردی تەسك و ئەکۆردی فراوان
- بەستەری هارمۆنی و بەستەری میلۆدی
- جولەی دەنگەکان
- چارەسەرکردنی پەرینەوەی دەنگەکان
- ئە کوردی شە شی (اکورد السداسي) ACCORD DE SIXTE
- ئە کوردی (6/4ی) Quarte Sixte Accord
- ئەکۆردی حەفتی (7) Septakord
- ئە کوردی نۆیی 9
- ئە کوردە لاوەکیەکان (ئە کوردە یاریدەدەرەکان)
- هارمۆنی پێشکەوتو (advanced harmony)

E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

# ئە کوردی نۆیی 9

## بەدی هاتنی ئە کوردی نۆیی:

ئەگەر میانەیەکی سیانی (گەورە لە مێجەر  بچوك لە ماینەر) خراوسەر هەر ئەکۆردێکی حەفتی, ئەم کاتە ئە کوردی نۆیی دێتە دی. ئە کوردی نۆییش وەك ئەکۆردی حەفتی تایبەتیەکی سەرنج راکێشەری هەیە کە دەنگە هاویەکییە کان 7-9 بە توندی هەستی پێدەکرێ، وە بەهێز داوای چارەسەر کردن دەکات.

## Dominant Nine ئەکۆردی دۆمینانت نۆیی :

لەسەر ئەکۆردی **دۆمینانتی** حەفتی میانەی 3ی(گەورە لە مێجەر  بچوك لە ماینەر) زیادە بکرێت **دۆمینانت نۆیی** دێتە دی.

ئەکۆردی دۆمینانت نۆ **خۆی لە راستی دا پێکهاتوە لە دوو ئەکۆردی دۆمینانت وە ئەکۆردی سوب دۆمینانت بە یەکەوە.**

## رێزمانی بەستنی دۆمینانت 9 وە هەڵگراوەکانی لەگەڵ تۆنیک:

- دەنگی سێیەم لەگەڵ دەنگی حەفتەم لە ئەکۆردی دۆمینانت نۆ، دەنگی راکێشن وە بە توندی داوای چارەسەر کردن دەکەن لە کاتی چارەسەرکدن هەردوکیان بۆ خوارەوە جولە دەکەن..
- لە ئەکۆردی D9 دەکرێ بەپێی پێویستیمان تەنها پێنجی(لەناچاری*سیانی–حەفت*) ئەکۆردەکە فرێ بدەین بەڵام بۆ هەردوو پلەی سەرەکی و نۆیی ناکرێ دەستکاریان بکەین.

## دۆمینانت نۆ D9 dominant بەمانەی خوارەوەش دەبەسترێت:



E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

❖ **هەڵگراوەكانی دۆمینانت نۆ D9 dominant بەم شێوەیەن:**

**هەڵگراوەكانی دۆمینانت نۆ چوار شێوەن بەڵام تەنها سێ جۆری بەكار دێت ئەوانیش بەم شێوەن : D67 – D45 – D23 دەنگی نۆیەم پێویستە هەردەم لەسەوە S بێت.**



**بەستنی هەڵگراوەكانی دۆمینانت نۆ لەگەڵ تۆنیك :**

D9 دەبەسترێت بە T – T6 – VI - S6 – II

D67 دەبەسترێت بە T

D45 دەبەسترێت بە T6

D23 دەبەسترێت بە T6

**دۆمینانت نۆ D9 dominant بەكار دێت لە كۆتایی وە یاخود لە بەتواناترین شوێن لەناو ئاواز دا, كە رارایی( توتر ) لە هارمۆنی دا بەرز دەبێت. جا باشتر وایە لەدوای خۆی D7 بێت ئینجا چارەسەر بكرێت.**



**راهێنان:**

**ئەم راهێنانەی خوارەوە بە بلانش, نوار وە رۆند بە پێی پێویست میلۆدی و هارمۆنی بۆ بنوسەوە.**



| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| T | S | D | T | S | K46 | D9 | T | S | T | S | K46 | D9 | D7 | T |



E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

## ئە كوردە لاوەكیەكان (اكوردات الثانویە)

بۆ هارمۆنی کردنی میلۆدیە ک بە جوانی، تە نها بە کار هێنانی ئە کۆردە سە رە کیە کان [ **T تونیگ 1، S سوب دومینانت 4، D دومینانت 5**] بە ش ناکات؛ بۆیە **ئە کوردە یاریدە رە کان** بۆ دەوڵەمەندکردنی و جوانی هارمونی بە کار دە هینریت.

**ئە كوردە لاوەكیەكانیش ئەمانەن (II - III - VI - VII )**

هونەرمەندە زانایەکانی سەردەمی کلاسیک ئەم ئەکۆردانەیان بەم شێوەیە بەکارهێناوە:

## ئە كوردی لاوەكی دەرەجەی دوو II

1- ئەم ئەکۆردە شوێنی S سوب دۆمینانت دەگرێت کە لە پێش D دۆمینانت دێت، بەڵکو کاتی بەستنی لەگەڵ D دۆمینانت هارمۆنیەکی باشتر لە بەستنی S سوب لەگەڵ D دۆمینانت دێتە دی.
پێویستە کاتی بەستنی دەرەجەی دوو II لەگەڵ D دۆمینانت دەنگی باص بۆ سەرەوە، وە هەر سێ دەنگەکانی تر بۆ خوارەوە جوڵە بکەن.




- تۆنیک بەم شێوەیەی خوارەوە بە دەرەجەی دوو **II** دەبەسترێت.



❖ ئەكۆردی **II** بە زۆری بە هەڵگراوەی یەكەمی بەكاردێت II6 جا زۆر بە رێكی ڵەگەڵ D7(n)-D-D7- (D9-D2-D34-I) دەبەسترێت, وە لە پێشی خۆی I-IV بەكار دێت.

- ئە كوردی 7 **II** ئەگەر لەگەل دۆمینانت ببەسترێت دەنكی 7 بەرەو خوارەوە دەروات:




- وە هەلكراوەكانیش بەم شێوەی خوارەوە لەكەل دۆمینانت دەبەسترێت:






E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

- ئەگەر ئەکۆردی 7 II لەگەل تۆنیك ببەسترێت پێویستە لەگەل تۆنیك شەش ببەسترێت جا دەنگی 7 لە شوێنی دەمێنێت وە باص بەرەو سەرەوە دەروات بۆ می.




وە هەلکراوەکانیش بەم شێوەی خوارەوە لەگەل تۆنیك دەبەسترێت:




- دەرەجەی 7 II وە هەلکراوەکانی لەگەل ئەمانەی خوارەوە دەبەسترێت:

| | |
|---|---|
| $II^7$ | $T^6$ |
| $II^{6}_{5}$ | $T^6$, T |
| $II^{4}_{3}$ | $T^{6}_{4}$ |
| $II^2$ | T |

| | |
|---|---|
| $II^7$ | D, $D^7$, ($D^{4}_{3}$) |
| $II^{6}_{5}$ | D, $D^7$, $D^2$ |
| $II^{4}_{3}$ | D, $D^7$ |
| $II^2$ | $D^6$, $D^{6}_{5}$ |

E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

## ئە کوردی لاوەکی دەرەجەی شەش VI

2- ئەم ئەکۆردە لەسەر دەرەجەی شەشی هەر پەیژەیەك دروست دەکرێت, ئەم ئەکۆردە کاتێک لە دوای D دۆمینانت دێت کە هەرکەس چاوەڕێی هاتنی تۆنیک دەکات، ئەم کاتە کادانسی یاخوت قەفلەی پلاگال Plagal(مفاجئ) وە قەفلەی شکاو(Broken) دروست دەبێت. ئەم ئە کوردە لاوەکیە لە هارمۆنیدا زۆر جار وەکو تۆنیک تەماشای دەکرێت وە دەکرێت دەرەجەی سێی یاخوت دەرەجەی پێنجی لەجیاتی دەنگی باص دوبارە بکرێت بۆ ئەوەی لە پەرەلێل رزگار بین.

لەم جۆرە بەستنە دەنگی 3 یەمی دۆمینانت کە دەکاتە دەنگی 7ی پەیژەکە دەبێت بۆ سەرەوە جولە بکات وە دوو دەنگەکەی تر بە پێچەوانەی باص جولە بکەن.




❖ ئە کوردی **VI** لە دوای خۆی دا ئەم ئەکۆردانا دێت ( I – II - IV ) وە پێش خۆی لەگەڵ ئەکۆردی D دۆمینانت D7 وە D9 دەبەسترێت.

E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

## ئە کوردی لاوەکی دەرەجەی سێ III

3- ئەم ئەکۆردە لەسەر دەرەجەی سێیەمی هەر پەیژەیەك دروست دەکرێت ئەم ئەکۆردە فۆنگسیۆنی تۆنیك وە فۆنگسیۆنی دۆمینانتی تێدایە.

لە پێش ئە کوردی لاوەکی دەرەجەی سێ III دەکرێ T-S-D بێت وە هەروەها لە دوایی دا.

لە ماینەر گرنگە ئاگاداری ئەم ئەکۆردە بین کە پێویستە بە سروشتی ناتورال بەکار بهێندرێت (نەوەك هارمۆنی).

ئەم ئەکۆردە داوای چارەسرکردن ناکات وەك ئەکۆردەکانی (V-II-VII) چونکە میانەی پێنجی بچوکی تێدا نیە بۆیە گرنگ نیە لەگەل تۆنیك ببەسترێت, بۆیە لەگەل ئەکۆردەکانی تریش بە رێکی دەبەسترێت تەنها پێویستە ئاگاداری پەرینوە و پەرەلێل بین.

بەستنی ئەم ئەکۆردەش وە هەلگراوەکانیشی لەگەل ئەکۆردەکانی تر هەر وەکو جۆرانی رابردوە کە پێویستە دەنگی حەوتەمی بەرەو خوارەوە بروات.



- III6 لەگەل D6 نابەسترێت.

E-mail: hiwa.arif@su.edu.krd - 2015

## ئە کوردی لاوەکی دەرەجەی حەفت VII

4- ئەم ئەکۆردە لەسەر دەرەجەی حەفتەمی هەر پەیژەیەك دروست دەکرێت, ئەم ئەکۆردە فۆنکسیۆنی دۆمینانتی وە فۆنگسیۆنی سوب دۆمینانتی تێدایە وە داوای چارەسەرکردن دەکات. دەکرێت دەرەجەی سێی یاخوت دەرەجەی پێنجی لەجیاتی دەنگی باص دوبارە بکرێت بۆ ئەوەی لە پەرەلێل رزگار بین.

کاتێك ئەم ئەکۆردە وە هەلگراوەکانی کە لەگەل تۆنیك چارەسەر دەکرێت هەر دوو دەنگی دۆمینانت 1  3 بەرەو سرەوە, وە هەر دوو دەنگی سوبدۆمینانت 5–7 بۆ خوارەوە جولە دەکەن:



ئەکۆردی حەفت بەم شێوەی خوارەوە بۆ تۆنیك دەچێت:




دەکرێت ئەم ئەکۆردە لەگەل دەرەجەی سێ یاخوت دەرەجەی شەشی شەش وە سوبدۆمینانت و دۆمینانت ببەسترێت.